# يەع لە ئاسايشى سليمانى

جەزا چنگيانى

رووى ميژووتان ڕەش بوو، بەو كارە ناشارستانيەت و ناكوردانە و نامرۆڤانەى بەرامبەر بە ڕۆژنامەوان كاك (عبالرزاق على) كردتان كە ئەم هەواڵەم لە كوردستان نيت خوێندەوە. شەرمەزاربووم. ئێمە لە تەك ڕۆژنامەنووسانى ئەڵمانيدا چاوديرى بارو دۆخى ڕۆژنامەنووسان* وڕۆژنامەوانانى** دنيا دەكەين و بە ئەركى خۆمانى دادەنێين لە سەريان بينە زمان. جا ئەم كارەى ئێوەى سوسيال ديموكراتەكانى كورد بەرامبەر بە ڕۆژنامەوانيكى كورد كردوتانە چ جياوازيەكى لە تەك مۆرالى چەقاوەسوەكانى ( ميت) ى توركيدا هەيە كە بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامەوانانى كورد لە باكورى نيشتمان دەيكەن ؟

ئاسايشى سليمانى ئێوە ئەركتان چى يە ؟ سوكايەتكردنە بە هاووڵاتى يان پاراستنى ئاسيايشى هاووڵاتيانە ؟ پێموايە چۆن صدام لە ناو ڕيكخراوى ئاسايشى بەعسدا ڕيكخراويكى ترى تايبەت بە خۆى دروستكردبوو ئاواش تاڵەبانى لەناو حوكمەتۆككەى سليمانيدا حكومەتيكى ترى دروستكردوە بۆ توقاندنى پينوس و توانا جەربەزەكانى كورد و نەيارەكانى. بە ناوى ئاسايشەوە. ئەگينا ئەگەر ئاسايشى سليمانى سەر بە ياساو دەسەڵـاتى حكومەتى سليمانى بێ؟ چۆن دەبێ ئاوا هيچ نرخى بۆ پرۆسيسى ئاشتى نيوان يەكيتى و پارتى دانەنى ؟؟ ئايا ئەمە ڕيكەوتە يان ئەوانەى لە ئاسايش كاردەكەن سەر بە دەزگاى ( ميت) توركين و دەيانەويت بەم كار ناشارستانيەيان خونجەى ئاشتى نيوانيان گرتيبەردەن ؟. ئەگينا بە چ مۆڕاڵ وەهەست و لێپرسينەوەى سەردەمەوە ڕۆژنامەوانێك بانگ دەكەن وچاوى زەقى پرسيارى ليدەكەنەوە. من ئەم كاكەيەم راستەخۆ نەديوە تەنيا لە تەلەفزويندا نەبێ و يەكجاريش بۆ هاوبەشى لە گفتوگۆيەكدا چومە بەرنامەكەيەوە، ئەمە گرنگ نيە گرنگ ئەوەيە ئەو سوكايەتيەى بەو برايە لە لايەن ئاسيايشى سليمانيەوە كراوە سوكايەتيە بە گشت ئەوانەى لە ميديادا كار دەكەن بۆيە بێدەنگى لەم كارە بێدەنگيە لە ئەرك و موراڵى مرۆڤى ئازادى خواز، ( ئافەرين هاوكارى هيژا كاك ريبوار كريم وەلى) كە هاتيتە زمان. من چاك دڵنيام ئەگەر ڕۆژيك لە ڕۆژان هاوڕێ كۆونەكانى صدام و على حەسەن مجيد و دۆست وهاوڕێ دەستە ڕاستى ئيستاى تاڵەبانى ( نزار خەزرەجى و وفيق سامرائى) بێن بۆ سليمانى ئەو ئاسايش بۆ وەڵامى چەند پرسيارێك نەك بانگيان ناكەن بەڵكو لەبەردەمياندا زەليل وبچوكن و تاڵەبانيش نەك بە دەستيك بە هەر دوو دەستى، دەستى خويناويان دەگوشى و پيشى خەوش نيە وەك صدام ماچيان بكات و بە ئەمرى خاوەنى ئاسايش ( تاڵەبانى) دەبێ ئاسايش لە ئوتيل پلاصى سليمانى حەسحەسيان بن. ئەگەر ئێمە بمانەوى كۆمەڵگايەكى مۆديرن وئازاد وئارام مسۆگەر بكەين دەبێ وەك تاكى كۆمەڵگا پێشكەوتوەكان هەميشە وهەموو كەسێك چاودير بێت بەسەر لێپسراو و ڕێكخراوە حكوميەكانەوە. ئەمە يەكەم جار نيە يەكيتى و دەزگا سەركوتەكەرەكانى سوكايەتى بە هاووڵاتى كورد دەكەن دەبێ بينە زمان، زمانى سەردەم، زمانى چەقۆ و دەسەڵاتە پريميتيفەكانى كورد ڕسوا بكەين لە پێناوى كۆمەڵگايەكى فر هزرى مۆديرن و ميديايەكى ئازاد خەبات بكەين. ئێوەى بە ناو سوسيال ديموكراتەكانى كورد دەزانن ديموكراتى يانى چى ؟؟ ديموكراتى ريزگرتنە لە تيروانينى جيا، پەسەندكردن و گۆيگرتن لە نەيار، يانى پراكتيزەكردنى فراوانى سنورەكان لە بەردەم توانا و ويست و ئارەزووەكانى تاكى كۆمەڵ وپاراستنى خاوەنداريتى تايبەت و تاك ديموكراتى بە پركردنەوەى ناونيشانى ڕۆژنامەكانتان بە ووشە فودارە بۆشەكان نابێ، بە پيادەكردن وپراكتيزەكردنى نەريتەكانيتى، تائێوە لەم كارانەتان بەردەوام بن ئەوەندە لە ڕيكخراوى سوسيال ديموكراتى جيهانى دوور دەكەونەوە، ئەوە بزانن لە ناو ڕۆڵەكانى ميلەتەكەماندا ئەوەندە ڕۆڵەى جەربەزە هەيە چۆن توانيان

ئەوروپا لە خزرەجی و بەرزان تكریتی بكەن بە كوونە مشك. ئاواش دەتوانن ئێوەی نا دیموكرات و نا سوسیال نا هوشیار لە لای ڕیكخراوە سوسیال دیموكراتیەكانی جیهاندا ڕسوا بكەن. یەكێك لەوانە من وەك ڕۆژنامەنووسێكی نەتەوەی چاودیری ئەو سوكایەتیانەتان دەكەم كە بەرامبەر بە كادیرانی میدیا و ئازادی هاو وولاتی كورد دەیكەن وئامادەم وەك ڕاپۆرتیك لە ڕێگەی سندیكای ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمانیەوە پیشكەش بە ڕیكخراوی سوسیال دیموكراتی ئەڵمانی و جیهانی بكەم كە ئێوە چ تاوانیك بەرامبەر بەئازادی مرۆڤی كورد دەكەن. ( سوپاسی ئەو كەسەش دەكەم لە كارە ناشارستانیەكانی هەردوو دەسەڵاتی كوردی ئاگادارم دەكاتەوە) لە بەردەمتاندا شانسیك هەیە لە ڕێگەی میدیاكەتانەوە داوای لیبوردن لە ڕۆژنامەوان ( عبالرزاق علی) بكەن و ئەو كەسانەی لە ئاسیایش بەم كارە هەڵساون دادگای بكرین. ئەركی بیناكردنی كۆمەڵگایەكی مدنی و پاراستنی بەرهەمەكانی ڕاپەرین و ڕیزی خوێنی قوربانیەكانی كورد. بێدەنگ نەبوونە لەو كار چەقاوەسواویەی ئاسایشی سلیمانی كردۆییتی.

- ڕۆژنامەنووس : ئەو بەڕێزەیە لە ڕۆژنامە و گوڤاردا دەنووسی
- ڕۆژنامەوان : ئەو بەڕێزەیە لە ڕادیو و تەلەفزوین هەواڵ و بەرنامە پیشكەشدەكات.

www.kurdistannet.org كوردستان نێت